



## رێنییە ئەمجارەش ئامادەیە

ژنە ئەکتەری ئەمەریکی «رێنییە زیولیگر» رایگەیاند پاش شکستهێنانی ژیانی هاوسەرێتی ئەمجارەش ئامادەیە بچێتەوە ناو ئەو ژیانە.
رێنییـــە کە ماوەیەک لەمەوبەر لەهاوســـەرەکەی جیابووەوە پاش ئەوەی چوار مانگ پێکەوەبوون رایگەیاند کە ئەوەی روویداوە بەتەنها ئەزموونێک بووەو ئەگەر ئەمجارەش کەســێکی تر بناســێتو بەدڵــی بێت ئامادەیە بچێتەوە ژیانی هاوسەری.
رێنییە پێشــتر پەیوەندی خۆشەویســتی لەگەڵ هەریەک لەجێم کاریو جۆرج کلۆنی هەبووەو پاشتر ژیانی هاوسەریی لەگەڵ گۆرانیبێژی «کینی شیسنی» درووستکردووەو ئینجا لەیەکتر جیابوونەتەوە.



## سپێرز ژیانی دەنوسێتەوە

ژنە گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەمەریکی بریتی سپێرز گرێبەستێکی مۆرکردووە بۆ نوسینەوەی یاداشتەکانی ژیانی خۆی لەکتێبێکدا.
ســپێرز لەیاداشـــتەکانیدا باس لەچۆنێتـــی تێکەڵبوونی بەدنیای هونەر دەکات لەرێی یەکێک لەبەرنامە مۆســـیقییە منداڵانەکانەوەو پاش ئەوە شێوازی بەناوبانگ بوونی، لەناو یاداشتەکانیشیدا باس لەکێشەکانی ئەم دواییەی ژیانی دەکات.
سپێر لەبەرامبەر ئەو کتێبەیدا بڕی چواردە ملیۆن دۆلار وەردەگرێتو بڕیار وایە سەرجەم وردەکارییەکانی ژیانی بخاتە روو.

## کاتی بەشداری فیلمێکی کۆمیدی دەکات

ژنـــە ئەکتەری بەناوبانگی ئەمەریکی کاتی هۆڵمز گرێبەســـتێکی ئیمزا کردووە بۆ بەشداریکردن لەفیلمێکی کۆمیدی نوێ بەناوی «پیاوی زیادە».
لەم فیلمەدا چەنند ئەکتەرێکی بەناوبانگی وەکو پۆل دانو، جۆن سی، کیفن کلاین بەشـــداری دەکەنو رووداوەکەش باس چیرۆکنوســـێکی شکستخواردوو دەکات کە لەگەڵ چەند ژنێکدا کاردەکات.
ماوەیەک بەر لەئێســـتاش کاتی کۆتایی هێنا بەو شانۆگەرییەی تیایدا بەشداربوو بەناوی «هەموویان منداڵی منن» کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.





## ئاستود بەردەوامە

ئەکتەری ناوداری هۆلیود کلینیت ئاستود رایگەیاند کە هەر بەردەوامە لەکارەکەیو بڕیاری نەداوە واز لەکاری نواندنو دەرهێنان بهێنێت.
ئاســـتودی تەمەن ٧٢ ساڵ ئەوەشی راگەیاند کە هێشتا زۆر بیرۆکەی تـــری لەخەیاڵدایەو دەیەوێت تا تەمەنی هەیە جێبەجێیان بکاتو هیچ کاتێکیش بیری لەوازهێنان نەکردووەتەوە.
ناوبراو ئەوەشـــی ئاشکراکردووە کە دڵخۆشـــترین کاتەکانی ژیانی ئەو کاتانەیە کە لەگەڵ پێنج منداڵەکەیدایەو هەمیشە پێیان ئاسوودەیە.

## ئەگەر ئەکتەر نەبوایە

ژنـــە هونەرمەنـــدی بەناوبانگی ئەمەریکـــی جینێفەر ئینیســـتۆن رایگەیاند ئەگەر ئەکتـــەر نەبوایە ئـــەوا بەدڵنیاییەوە دەبووە چێشـــتلێنەر لەیەکێک لەچێشتخانەکان.
ئینیســـتۆن کە ئێســـتا خاوەنی چێشـــتخانەیەکی بەناوبانگی یۆنانییە رایگەیاند کە زۆر دڵخۆشـــە بەوەی لەو بـــوارەدا کاردەکاتو کردنەوەی ئەو چێشتخانەیە یەکێک بووە لەگەورەترین ئاواتەکانی.
ئینیســـتۆن ئێستا خۆی بۆ پلانێکی نوێ لەژیانیدا ئامادە دەکاتو بڕیار وایە مانگی داهاتوو لەجەژنی لەدایکبوونی چل ساڵەیدا جۆن مایەری هاوڕێی ئاڵقەی دەستگیرانداری بکاتە دەست.





## داوای پارە لەتراڤۆلتا دەکرێت

پۆلیســـی ئەمەریکـــی کەوتووەتە لێکۆڵینـــەوە لەو پەیوەندییـــە تەلەفۆنیانەی ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ ئەکتـــەری بەناوبانگی هۆلیود جـــۆن تراڤۆلتا کراوەو داوای پارەیان لێکردووە.
ئەو پەیوەندیانە لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە بووەو داوایان لەتراڤۆلتا کـــردووە کە بڕێک پارەیان بداتـــێ ئەگەرنا چەند وێنەیەکی کچە تەمەن شـــانزە ســـاڵەکەی بڵاودەکەنەوە کە مانگێک پێش ئێســـتا کۆچی دوایی کردووە.
کچەکەی تراڤۆلتـــا لەیەکێک لەهۆتێلی «ئۆڵد باهاما بای» بەهۆی نەخۆشییەکەوە کە پەیوەندی بەدڵیەوە هەبوو گیانی لەدەستدا.